# کۆڕەوی کوردەکان لە دیدی جێمس بیکەرەوە

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری



جیمس بیکەری وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سەردەمی راپەرینەکەی بەهاری 1991ی گەلەکەمان دژ بە رژێمی سەدام، یادەوەریەکانی لە پەرتوکێکدا چاپ و بلاّو کردۆتەوە. کە لەبەشێکی کتێبەکەدا ناوبراو باس لە کۆڕەوەکەی خەڵکی کوردستان دەکات و، ئەو دیمەنانە دەخاتەڕوو کە لە 8ی نیسانی 1991 لەنێو چیاکانی کوردستانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بینی، کە هەزاران پەنابەری کوردستانیانی بەرچاو کەوت کە لە ترسی سەدام هەلاّتبوون.

لە یاداشتەکەیدا هاتووە: پێش سێ رۆژ (واتە لە 5/4) سەرۆك پەرۆشی دەربڕی بە گەیاندنی هاوکاری و خواردن بۆ کوردەکانی ئێراق کە لە رەوشێکی خراپدان و، داوای لێکردم راپۆرتێکی راستەوخۆ لەبارەی هەڵوێستەکە لە (تورکوت ئۆزال) لە ئەنقەرە وەربگرم، بەلاّم (مارگریت تاتویلەر) پێشنیازی کرد سەردانی ئوردوگایەکی پەنابەران بکرێ. داوای لێکردم سەردانی ئەو ناوچەیە بخەمە چوارچێوەی ئەو گەشتەم کە بڕیارە بۆ رۆژهەلاّتی ناوەڕاست ئەنجامی بدەم. تاتویلەر خراپبوونی مەینەتی کوردەکان و زیادبوونی میدیا پێیان بۆ دوپات کردمەوە. هەمووومان لە (ئیدارە) درکمان بەو رەخنانە دەکرد کە ئاراستەمان دەکرا لەبەرئەوەی تەواو هەڵنەستاین بە پاراستنی کوردەکان لە باکوری ئێراق و شیعە لە باشوور، لە پەلاماری هێزەکانی ئێراق. تایلۆر وتی "زۆر گرنگە بەشێوەیەکی گرنگی پیشانی بدەین کە ویلایەتە یەکگرتووەکان ناوچەکەی لە پاش جەنگ بەجێنەهێشتووە". بە راسپاردەکەی تاتویلەر رازی بووم بێ ئەوەی ئەو سەختییە لۆجیستیانە رەچاو بکەم کە دێتە رێگەی سەردانێکی لەمشێوەیە. تەنیا فرۆکەخانە کە دەکرێ پێشوازی لە فرۆکەکەمان (بوینگ 707) بکات، 95 خولەك بە هەلیکۆپتەر لەسنووری تورکی ئێراقی دوورە. تیمی ئاسایش بەکارهێنانی هەلیکۆپتەری تورکییان بۆ سەردانەکە رەتکردەوە، بۆیە بەپەلە هەلیکۆپتەرێکی سەربازی ئەمەریکی لە بنکەکانی ئەمەریکا لە ئەوروپا هەڵوەشێنرایەوەو گواسترایەوە بۆ فرۆکەخانەی سەربازی دیار بەکر و لەوێ پێکەوەیان بەستەوە، دوای دابەزینم لەوێ ئەو فرۆکەیەم بەسەرکردەوە کە بڕیارە خۆراك و یارمەتی بگەیەنێتە پەنابەران.

هەروەها دەیگێڕێتەوە: دوای گەشتێك بە هەلیکۆپتەر لە بەرزایی 1300 پێ لەسەر لوتکە چیا بەفراوی و دۆڵە قوڵەکان و روباری دیجلە، گەیشتمە بارەگای سەرکردایەتی لیوای جاودرنا لە سوپای تورکیا نزیك جورکوجا. راپۆرتێکی کورتم لە بەرپرسانی سەربازی تورك و فەرمانڕەوای ناوخۆیی ناوچەکە پێگەیشت. ئینجا پێشوازیم لە شاندێکی 25 کەسی لە پەنابەرانی کورد کرد کە رێزێکی زۆریان بۆ سەردانەکەم دەربڕی، بەلاّم بۆیان روونکردمەوە کە ئەوان لەو بڕوایەدان کە نە ویلایەتە یەکگرتوەکان و نە جیهان بەپێی پێویست بەدەنگ گەلەکەیانەوە نەهاتوون و، نامەیەکی دەستنووسیان پێدام کە واژووی دەیان کەسی لەسەر بوو، تیایدا سوپاسی هاوپەیمانانیان کرد بۆ هەوڵەکانیان لە ئێراق و داوای پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆییان کرد. لەمیانەی خوێندنەوەی نامەکەدا دوو دەستەواژە سەرنجی راکێشام "سەرجەم ئێراقیەکان چاویان لە ئازادی و سیستەمێکی دیموکراتیە لە بەغدا. بەلاّم هەڵەو بڕیارە هەڵەکان کە بواری دا بە رژێمی ئێراق تانك و هەلیکۆپتەر بەکاربێنێ، ئەوەیە کە ئەم کارەساتەی دروست کردووە".

بیکەر دەڵێ: لەو کۆبوونەوەیەدا هەستم بە سۆزێکی شاراوە دەکرد، بەتایبەتی کاتێك چەند چیرۆکێکیان بۆ گێڕامەوە لەبارەی لەدەستدانی کەس و دۆستانیان لەلایەن هێزەکانی ئێراقەوە. بەلاّم ئەو داوایەی کە پێشکەشیان کردبوو لەسەرخۆو عەقلاّنی بوو. بەلاّم نە ئەوان و نە ئەو کاسێتە ڤیدیۆییەی کە رۆژی پێشتر ئۆزال لە ئەنقەرە پیشانیدام، تیایدا کاروانی پەنابەران بەدرێژایی 12 میل دەردەکەوتن، ئامادەباشیان نەکردم بۆئەوەی کە بەچاوی خۆم دەیبینم.

ناوبراو دەڵێ: لەرێگەیەکی خاکی پێچاوپێچ کەوتینەڕێ بەرەو لوتکەی زنجیرە چیایەکی بەرز کە نزیکەی 9 هەزار پێ بەرز بوو، کە 10-15 خولەکی خایاند ئێمە نزیك دەبووینەوە لە لوتکەی چیایەکە لەپڕێکدا لە هەڵدێرەکە کۆمەڵە مرۆڤێکی زۆرمان بینی، بێبەشبوون و نائومێدی لە سیمایان بەجۆرێك دەبینرا کە وشە هەڵیان ناگرێ وەسفی بکات. ئافرەتان ئاوی نا خاوێن دەگوازنەوە بۆ خواردن و جلشووشتن، کە جلەکانیان بەسەر ئەو چەند درەختەی کە مابوون هەڵدرابوون تاکو وشك ببنەوە، چونکە زۆربەی درەختەکان بڕابوونەوە بۆ خۆگەرمکردنەوە، کە شەوان سەرما دەگەیشتە پلەی بەستن. لێرەو لەوێ چەند خێوەتێکی کۆنی پەرپووت دەبینرا. رەوشی تەندروستی ئاماژەیەکی دیار بوو بۆ بلاّوبوونەوەی نەخۆشییە ترسناکەکان. زۆربەیان پێ پەتین و کەمیان جلێکی گونجاویان لەبەرە. هەروەها دەڵێ: دوای دوو رۆژ (37) پەنابەر لە سەرمادا گیانیان لەدەستدا، لەوانە (27)یان منداڵ بوون، لەرووی کرداریەوە پەنایەك نەبوو بۆ پاراستنیان. لە سەختی سەرمای شەوان لە

بەرزی نزیکەی 9 هەزار پێ لە چیاکان شارەزام تەنانەت لە وەرزی بەهاریشدا، لە خۆمم پرسی "ئەمانە چییان بەسەردێ کاتێك بەفر بباریێ؟!".

جیمس بیکەر لە یاداشتەکەیدا نوسیویەتی: لە لوتکەی زنجیرە چیایەکە لە ئوتۆمبیلەکەم دابەزیم و بەرێگەی خاکی چوومە ناو خاکی ئێراقەوە و تەماشای لایەنی بەرامبەری چیایەکەم لەرووی ئێراقەوە کرد، یەکسەر ترسی مۆتەکە دەرکەوت، لەبەرامبەرم دۆڵێکی گەورەی لێبوو کە نزیکەی 50-60 هەزار پەنابەر دەبوون، کە تەنیا بەشێك بوون لە لێشاوی پەنابەران بەدرێژایی سنوورەکە کە پێشبینی چارەکە ملیۆنێك پەنابەر دەکرا. هەر زوو کۆمەڵێك پەنابەر لە دەورم کۆبوونەوەو چەپڵەیان بۆ لێدام. دەنگێکم بیست هاواری دەکرد: "مستەر بیکەر، مستەر بیکەر، دەکرێ قسەتان لەگەڵ بکەم؟ تکا دەکەم مستەر بیکەر من پێویستم بەوەیە قسەت لەگەڵ بکەم". پیاوێك لەنێو ئاپۆڕەکەدا هەوڵیدەدا بەرەو رووم بێ، بەڵام ئەو هێزە تورکیەی لەگەڵم بوون بۆ پاراستنم بواریان نەدا. داوام لە پاسەوانان کرد رێگەی پێ بدەن. ناوی (سام) بوو هەموو کەلوپەلەکانی لەشاری کەرکوك بەجێهێشتبوو. بە پیادەڕەو بە شەش رۆژ گەیشتبووە ئێرە، پێی وتم: " ئێمە دەناڵێنین، منداڵەکانمان بەدەست برسێتی دەناڵێنن. ئێمە پێویستمان بە پزیشك و دەرمان و ئاو هەیە. بۆمبارانی چڕ دەبارێتە سەرمان. پێویستە شتێك بکەن بۆ یارمەتیدانمان".

بیکەر دەڵێ: تا ئەمڕۆش زۆر زەحمەتە وەسفی رەوانبێژی و زمانپاراوی داواکارییە راستەقینەکەی بکەم. پێموت: هەمو هەوڵێکم دەخەمە گەڕ بۆ دەستپێکردن بە پرۆسەی فریاکەوتن، بەڵام مەسەلەکە بەدەست کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بەهەموویانەوە بۆ کارکردنی شتێك بەرامبەر ئەم تاوانە. دوای چەند خولەکێك لە چیەیەك لەنێو پەنابەران بووە راگەیاندنێکی بەربڵاو بەوی کەسایەتیەکی بەرزی ئەمەریکی سەردانی ناوچەکە دەکات. بە لێشاو خەڵك بەرەو لای گردبوونەکەمان دەهاتن و لەبەر حەشامەتی خەڵکەکە رێگەی چوونمان بۆ نێو ئۆتۆمبێلەکانمان گیران، بەرپرسە تورکەکان کە هاورێمان بوو پێی راگەیاندم کە خەریکە کۆنتڕۆڵی ئاپۆڕەکە لە دەست دەدەن، بۆیە سووربوون لەسەر پێویستی زوو بەجێهێشتنی شوێنەکە. بەرەو تورکیا گەڕاینەوەو، چیا وا دیار بوو کە بە مرۆڤ چێنرابێ و دەنگی چەپڵەو هەڵهەڵەی پێشوازی بەرز دەبووەوە، سووربووم لەسەر ئەوەی راستیەکان بگەیەنمە سەرەوەو، هەموو هەوڵێکمدا بۆ رێگرتن لەوەی ئەم رەوشە بەرەو کارەساتێکی مرۆیی زیاتر وەك لەوەی هەیە بچێ.

بیکەر هەروەها دەڵێ: لەرێگەی گەڕانەوە بەرەو دیاربەکر لەناو هەلیکۆپتەر لەدڵی خۆمدا دەمگوت، ئەو خەڵکەی کە بینیمن نموونەی زیندوون بۆ ئیرادەی ئازادبوون. ناکرێ پشتگوێ بخرێن تاکو گیان لەدەست دەدەن، ئەمەش تەنیا بەرەنگاریەکی سیاسی نەبو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵکو حاڵەتێکی مرۆیی لەناکاو، لەراستیدا رەهەندگەلی جۆراوجۆر بوو. کە گەڕامەوە دیاربەکر کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا سازداو هەڵم قۆستەوە بۆئەوەی سوربوون و ناڕەحەتی خۆم دەربڕم بەرامبەر ئەوەی لەوێ بینیم. دوای نیشتنەوەی فرۆکەکە، (جۆن بوڵتون) یاریدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و (برنیسیتون لیمان) بەرێوبەری بەرنامەی پەنابەرانم بۆ کابینەکەم بانگ کردو بەروونی پێم راگەیاندن، من دەمەوێ شتێکی زۆر بە پەلە بکەم بۆ کەمکردنەوەی ئەوەی لەو بڕوایەدام کە دەبێتە گرفتارییەکی گشتگیر. ئەو دوو یاریدەرە لە باشترین کارمەندەکان بوون و، پێویستی نەدەکرد بە هاندانیان بۆ کارکردن و، دڵنیایان کردم کە هەموو هەوڵێك دەخرێتەگەڕ بۆ لابردنی ئاستەنگە بیرۆکراتیەکان و هاندانی رێکخراوە یارمەتیدەرە خۆبەخشە تایبەتی و نێودەوڵەتیەکان.

ناوبرا لەدرێژەدا دەڵێ: لەناو فرۆکە بەرەو ئیسرائیل دەچووم، تەلیفۆنم بۆ سەرۆك کردو پێم راگەیاند: ناتوانم وەسفی قەبارەی ئەو کارەساتە مرۆییە بکەم کە لێرە بینیومە، تێڕوانینێکت لا نیە لەبارەی مۆتەکەی مرۆیی لێرە، ئەگەر بە خێرا نەجوڵێینەوە ئەوا کارەساتێك روودەدات. پەنابەران رۆژانە دەمرن، پێویستە شتێك بکەین و ئێستاش بیکەین، ئەگەرنا ئەوا هەزاران کەس گیان لەدەست دەدەن. وتیشم: بۆ رێگرتن لەم مەینەتیە کە زەحمەتە وەسف بکرێ پێویستە (ئیدارە) هەمان هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ پرۆسەی یارمەتیدانی بە پەلە وەکچۆن کردمان لە کۆکردنەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی. پێشنیازم کرد کە سەرۆك پەیوەندی بکات بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و داوای لێبکات دەستبەجێ هەماهەنگاریێکی فریاکەوتن دابنێ بۆ ئەم مەبەستە، هەروەها پێشنیازم بۆ کرد کە پێویستە پەیوەندی بکات بە سەرکردە سەرەکیەکانی هاوپەیمانێتی بۆئەوەی پەیمان بدەن بە ئەنجامدانی کردەی فریاکەوتنی زیاترو پێشکەشکردنی دەستبەجێی یارمەتیەکان، هەروەها پێشنیازم کرد کە داوا لە کۆنگرێس بکەین بەپەلە بڕە پارەیەکی تر تەرخان بکات وەك یارمەتییەك بۆ کوردەکان و فشار بخرێتە سەر نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دیراسەکردنی بارمتەی هەناردەکانی ئێراقی لە داهاتوو بۆ پاڵپشتی پرۆسەی فریاکەوتن. پێموت: ئەوەی تائێستا کردوومانە شتێکی لاوازە، پێویستە جیهان کۆبکەینەوە، پێویستە بیر لە کارێکی گەورە بکەینەوە، ئەگەرنا ئەمە دەبێتە وێرانکردنێکی بەرنامەبیانەی گەلێك بەگشتی. سەرۆك لە دەنگمەوە ئاستی پێداگیریەکەمی هەست پێکرد، بۆیە وتی: دەستبەجێ فەرمان بە هەستان بە رێوشوێنی پێویست دەکەن.

بیکەر دەڵێ: دوای گەیشتنم بە ئیسرائیل نامەیەکم بە مارگریت تاتویلەر نارد بۆ دیك چینی، تیایدا هاتبوو: "رەوشەکە نائومێدو بە پەلەیە و، پەنابەران دەمرن و، سوپای ئەمەریکی تاکە دەزگایە کە دەکرێ یارمەتی پێشکەش بکات. بۆیە تکا دەکەم هەموو فەرمیکارییەك وەلابنرێ و

نەرمونیانی بنوێنی". ئەو بە بایەخەوە بەپیر نامەکەوە هات، لەگەڵ ئەوەشدا جەختم کردەوە کە هاوکاری مرۆیی بە تەنیا بەس نیە، تەنها بە زامنکردنی رزگاربوونیان لەوەی کە تیایدان، دەبێ دواتر لەتوانای کوردەکان بێ بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان بەبێ ئەوەی لەژێر هەڕەشەو توشبوون بە چەوساندنەوە و تەنگ پێهەڵچنین بن کە پاڵی پێوە نان بۆ رزگارکردنی گیانیان.

دواجار بیکەر بەم دێڕانە یادەوەریەکانی خۆی لەبارەی کۆڕەوەکەی خەڵکی کوردستان دەگێڕێتەوە: مەینەتی پەنابەرانی کورد بە تەنیا هاندەر نەبوو بۆ فراوانبوونی گەورە لە پرۆسەی فریاکەوتنی ئەمەریکی و نێودەوڵەتی کە بەناوی (ئاسوودە بەخشین) ناونرابوو، بەڵکو پاڵی پێوە نام کە فشار بێنم بۆئەوەی سیاسەتێکی نوێ دابرێژرێ کە سەرۆك لە 16ی نیسان رایگەیاند بە دانانی نەوای ئارام بۆ کوردەکان لە باکوری ئێراق.

Kalary79@yahoo.com